ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری، ستراتیجی

# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لەئێران

## ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٢١




نوسین و ئامادەکردنی: ئارام ساڵح

حوزەیرانی ٢٠٢١

# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لەئێران
# ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٢١

**نوسین و ئامادەکردنی: ئارام ساڵح کاکە**
**پێداچونەوە: گەیلان عەباس**
**ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان**
**Email: research.gorran@gmail.com**

**پێڕست**

دەستپێک............ ٢
هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٢١ ............ ٤
سەرۆک کۆماری ئێران و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ............ ٤
مەرجەکانی خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران............ ٥
خشتەی ژمارەی سەرجەم پاڵێوراوان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران لە ١٩٨٠_٢٠٢١............ ٦
یەکەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران............ ٨
دووەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران............ ٩
سێهەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران............ ١٠
چوارەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران ............ ١٠
پێنجەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران............ ١١
شەشەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران ............ ١٢
حەوتەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران ............ ١٣
حەوتەم: عەبدولناسری هیمەتی............ ٢٠
بەرەکانی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران............ ٢٢
یەکەم: بەرەی ئوسوڵگەراکان (موحافیزکارەکان) ............ ٢٧
دوەم: بەرەی ڕیفۆرم خوازەکان............ ٢٨
سەرچاوەکان ............ ٣٢

## دەستپێک

سـیازدەیەمین خـولی هەڵبژاردنـی سـەرۆک کۆمـاری ئێـران لە بەرواری ١٨ی حـوزەیرانی-٢٠٢١ بەڕێـوە دەچێـت. جیـا لەوەی هەڵبـژاردن یەکـێکە لە بنەماکـانی سیسـتەمی حـوکمڕانی گەل سـالاری (دیموکراسـی)، بەڵام بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران زیـاتر بـریتییە لەکێبڕکـێ توندی نێـوان هەردووباڵی ریفۆرمخواز و پارێزگاری ولایەتی فەقیهـ خوازن لە کۆمارەکەدا.

پێشـینەی هەڵبـژاردن لە ئێرانـدا دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمی شۆڕشـی مەرجـدار لە سـاڵی ١٢٨٥ هەتـاوی ١٩٠٦ زاینـی. بەر لە کـاتی ئەو شۆڕشـە سیسـتەمی حـوکمڕانی ئێـران پاشـایەتی رەهـا و تـاکڕەو بـووە، بەڕێـوەبردنی دەوڵەت لە دەسـتی دەربـار و خـودی شـا بـووە و گەڵ دەسـەڵاتی بەشـداری یـان داخـوزی بڕیارەکانیـان نەبـووە، سـەرکەوتنی شۆڕشـی مشـروطە یـان پاشـایەتی مەرجـدار (بەمەرج)، بـوو بە سـەرەتایەک بـۆ بەشـداری هـاوڵاتی لە بڕیارەکـانی وڵاتـدا . لە گرنگتـرین دەسـتکەوتەکانی شۆڕشـی پاشـایەتی مەرجـدار، بریتـی بـون لە(گـۆڕینی دەسـەڵاتی پاشـایەتی رەهـا بـۆ پاشـایەتی مەرجـدار، دامەزرانـدی ئەنجـومەنی نیشـتیمانی ئێـران، هاتنەکـایەی هەڵبـژاردن لە ئێرانـدا، کەم کـردنەوەی دەسـەڵاتەکانی شـا، کـردنەوەی دەروازەیەک بـۆ ئـازادی رادەربـڕین لەوانە رێـگەدان بە دامەزراندنی حزب و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و رۆژنامەکان..هتد).

لە سـاڵێ ١٩٠٦ ز تـا سـەرهەڵدانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لە شـوباتی ١٩٧٩ز، واتە لە کۆتـاییی حـوکمڕانی قاجارەکـان تـا کۆتـایی پەهلەوییەکـان، ١٧ هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی نیشـتیمانی ئەنجامـدراوە لە ئێرانـدا، هەڵـبەت بەشـێکی ئەم خـولانە لە هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی نیشـتیمانی زیـاتر ئەشـرافی بـوون، ئەمەش بەو مانـایە نـایەت کە هەڵبژاردنەکـان لە ئێـران لە پـێش شـوباتی ١٩٧٩ پەڕلەمانی ناکارەمەی بەدی هێنابێت.

بەپـێ ی دانێشـتوانی ئێـران خەڵکـانێکی نائاشـنا نـین بە هەڵبـژاردن بە تـایبەت لە مـاوەی هـاتنە سـەرکاری کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هەڵبـژاردنە جۆربەجۆرەکـان بە بەردەوامـی و بـێ پچـڕان هەڵبژاردنەکـان بەڕێوەدەچێـت. هەرچەنـد کە هەڵبژاردنـی ئەمجـارە هەڵبژاردنێکـی سـەخت دەبێـت بـۆ هەردوبەرەی هەڵبـژاردن لەئێرانـدا. لەلایەک بـۆ پارێزگـاران ئاسـان نابێـت چـونکە لە کـۆی حەوت کاندیـدی هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتی کۆمـار پێـنج کاندیـدیان سـەر بە بەرەی پارێزگـارانن کە ئەمەش کـار لەسـەر پەرت بـوونی دەنگـی پارێزگـاران دەکـات. لەلایەکـی دیکەشـەوە بـۆ ریفۆرمخوازەکـان ئاسـان نابێـت چـونکە پـاش هەڵبژاردنـی ئەنجـومەنی شـورای ئیسـلامی ئەم بەرەیە دوچـاری

شکستێکی سەخت بویەوە و سەرەڕای هەوڵەکانیان بۆ کۆدەنگی بەڵام نەبوونی سەرکردەی کارێزما، لەنێو ڕیزەکانی ریفۆرمخوازان یەکێکی تره لە کێشەکانی ئەو بەرەیە، لەوەش سەخت تر لادانی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە ریفۆرمخوازەکان بوو لە لایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور. بەڵام سەرەڕای پەرتبوونی دەنگی پارێزگاران ئەگەری سەرکەوتنی ئەم بەرەیە بەهێزترە.

## هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٢١

وا بڕیـــارە رۆژی ١٨ی حـــوزەیرانی ٢٠٢١ هەڵبژاردنـــی خـــولی ســـیازدەیەمی ســـەرۆکایەتی کۆمـــار لەئێـــران بەڕێـــوە بچێـــت، لەم هەڵبـــژاردنەدا ٥٩ ملیـــۆن و ٣١٠ هەزارو ٣٠٧ هـــاوڵاتی ئێرانـــی مـــافی دەنگـــدانیان هەیە، بـــۆ هەڵبژاردنـــی هەشـــتەمین ســـەرۆک کۆمـــاری وڵاتەکەیـــان. ئەوەش لەکـــۆی ٨٣ ملیـۆن هـاوڵاتی ئەو وڵاتە، زیـاتر لە ٩ ملیـۆن و هەستسـەد هەزار کەسـیان تەنهـا لەتـاران دەنگـدەدەن. هاوکـــات لەم هەڵبژاردنەشـــدا ملیۆنێـــک و ٣٩٢ هەزار و ١٤٨ هەزار کەس، بـــۆ یەکەمجـــار مـــافی بەشداریکردنیان هەیە لەهەڵبژاردنەکەدا.

دەنگـــدەرانی ئێـــران لەرۆژی ١٨ی حوزەیرانـــدا لە ٧٠ هەزار ناوەنـــدی دەنگـــدان لەقوتابخـــانەو مـزگەوت و یەکە کـارگێرییە گشـتیەکان دەنگـدەدەن، پرۆسـەی دەنگـدانەکەش لەسـەعات ٧ی بەیـانی رۆژی هەینی دەستپێدەکات و تا ئێوارەی هەمان رۆژ بەردەوام دەبێت.

## سەرۆک کۆماری ئێران و چۆنیەتی هەڵبژاردنی

ســەرۆک کۆمــاری ئێــران، بەرزتــرین پــلەی فەرمــی وڵاتە، لە دوای پۆســتی ڕابەری ئێــران کە بەدەنگــی ڕاســتەوخۆی خەڵکــی هەڵــدەبژێردرێت. بە پــێی دەســتوری کۆمــاری ئیســلامی ئێــران، ســەرۆک کۆماری ئێران ژمارەیەک دەسەڵاتی هەیە لەگرنگترینیان:

١. بەرپرســیارێتی جێبەجــێ کردنــی دەســتوری هەمیشــەیی و ســەرۆکایەتی دەســەڵاتی جێبەجــێ کردنی لە ئەستۆدایە.
٢. واژوکردنـــی پەیمـــان نامەکـــان، ڕێککەوتنەکـــان  و پرســـی تـــایبەت بە وڵاتـــانی دیـــکە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.
٣. دانـــانی پلانـــی نیشـــتیمان، بـــودجە و دامەزرانـــدنی حکـــومەت و دانـــانی وەزیرەکـــان و پارێزگارەکان و باڵوێزەکان (بە دەنگی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی).
٤. ســەرۆک کۆمــار لە ئێرانــدا ســەرۆکی ئەنجــومەنی بــاڵای ئاسایشــی نیشــتیمانی و ســەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ڕۆشنبیریە.

بە پـــێچەوانەی زۆرێـــک لە وڵاتـــان بـــۆ نمـــونە ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا، لە ئێرانـــدا نوســـینگەی ســـەرۆک کۆمـــار چـــاودێری وکـــۆنترۆڵی تەواوی بەســـەر سیاســـەتی نێـــودەوڵەتی، هێـــزە

چەکــدارەکان و یــان سیاســەتی نــاوەکی ئێــرانەوە نــیە، ئەم بابەتــانە ڕاســتەوخۆ لەژێــر چــاودێری ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێراندان.

ســەرۆک کۆمــاری، لە کۆمــاری ئیســلامی ئێرانــدا بــۆ مــاوەی چــوار ســاڵ و بە دەنگــی ڕاســتەوخۆی دەنگــدەرانی ئێــران هەڵــدەبژێردرێت و نابێــت زیــاتر لە دوو خــولی یەک بە داوی یەکــدا لەو پۆســتەدا بمێنێتەوە.

لە هــاتنە ســەر کــاری کۆمــاری ئیســلامی ئێــران لە ١١ی شــوباتی ١٩٧٩ (٢٢ بهمــن ١٣٥٧)و ڕوخــانی ڕژێمــی پەهــلەوی و پــاش چەســپانی حکــومەتی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران و لە بەرواری ٢ی١٢ی١٩٧٩ (١١ ی ئــازەری ١٣٥٨) و کــارکردن بە دەســتوری هەمیشــەیی ئێــران، تــا ئەمــڕۆ یــانزە خــولی هەڵبــژاردن بــۆ ســەرۆک کۆمــار بەڕێــوە چــووە، کە تیایــدا ٧ کەس ئەم پۆســتەیان بەڕێــوە بــردوە.

هاوکــات لەدەســتوردا دیــاریکراوە کەلە کــاتی ڕودانــی هەریەک لەم حاڵەتــانە وەک (مەرگ، لادان، دەســت لە کارکێشــانەوە دیارنەمــان و نەخۆشــیەک کە کــار بکــاتە ســەر نەمــانی توانــایی یاســایی خــۆی)، بە پــێ ی مــادەی ١٣١ دەســتوری ئێــران، جێگــری یەکەم بە ڕەزامەنــدی ڕابەر دەســەڵاتەکانی ســەرۆک کۆمــار دەگــرێتە دەســت و دەبێــت لە مــاوەی ٥٠ ڕۆژدا هەلومەرجەکــانی هەڵبژاردنــی داهــاتوو (هەڵبژاردنــی پــێش وەخــت) فەراهەم بکــات. تــاوەکو بەر لە هەمــواری دەســتوری هەمیشــەیی لە هــاوینی ١٩٨٨ ئەنجــومەنی کــاتی ســەرۆکایەتی کۆمــار دەســەڵاتەکانی ســەرۆک کۆمــاری جێبەجــێ دەکــرد. ئەگەر هــاتوو ســەرۆک کۆمــار جێگــری یەکەمــی نەبــوو ئەوا ڕابەر کەســێک دەســت نیشــان دەکــات، بــۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار بگرێتە ئەستۆ.

## مەرجەکانی خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران

١. دەبێــت لە پیــاوانی مەزهەبــی (رجــال) و سیاســی وڵات بێــت،لە بــارەی وشــەی (رجــل)ەوە دوو ڕای جیــاواز هەیە یەکێکیــان بە واتــای پیــاو و ئەوی تریــان بە واتــای کەســایەتی گرنــگ، بە پێــی ئەم بــڕگە هــیچ ژنێــک نــابێتە ســەرۆک کۆمــار و لەمــاوەی ڕابــردوودا ئەم بــابەتە سەلمێنراوە).
٢. دەبێت ئێرانیەکی ڕەسەن بێت.
٣. دەبێت توانای بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی هەبێت. (مدیر و مدبر) .
٤. دەبێت پێشینەی پاک بێت و ئەمانەتدارو بەتەقوا بێت.

٥. ئیمانـــدار بێـت و بـڕوای بە بونیـادی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و ئـاینی ڕەسـمی کۆمـاری ئیسلامی ئێـران هەبێـت. (ئـایینی فەرمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ئیسـلام و مەزهەبـی شـیعەی دوانزە ئیمامیە)

دەبێـت ئامـاژە بەوە بکرێـت، سـەرجەم ئەو کەسـانەی کە خۆیـان بـۆ پۆسـتی سـەرۆک کۆمـار دەپـاڵێون و مەرجەکـانی سـەرەوە لە خۆیانـدا دەبینـنەوە، پـاش خۆتۆمـارکردن لە دەسـتەی هەڵبژاردنەکـانی وەزارەتـی نـاوخۆ، لیسـتی پاڵێوراوەکـان لە لایەن وەزارەتـی نـاوخۆوە ئاراسـتەی "ئەنجـومەنی پاراستن" (شورای نگهبان) دەکرێت.

بە درێژایـی حـوکمڕانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ئەم ئەنجـومەنە لە گشـت هەڵبژاردنەکـانی ئێرانـدا بە پشـت بەسـت بەو دەسـەڵاتانەی کە هەیەتـی و بە تـایبەتی (پێناسـەکانی نەبـوونی شایسـتەیی پاڵێوراوەکان) ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراوەکان لە هەڵبژاردنەکان دوور دەخەنەوە.

**خشتەی ژمارەی سەرجەم پاڵێوراوان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران لە ١٩٨٠_٢٠٢١**

| خولی هەڵبژاردن | بەرواری هەڵبژاردن | ژ.خوازیاران | ژ.ڕکابەر | ڕێژەی بەشداری | پاڵێوراوی سەرکەوتوو |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ١٩٨٠/١/٢٥ | ١٢٤ کەس | ٩٦ | ٦٤.٤١ | ئەبولحەسەنی بەنی سەدر |
| دووەم | ١٩٨١/٧/٢٤ | ٧١ کەس | ٤ | ٤٦.٢٣ | محەمەد عەلی ڕەجایی |
| سێیەم | ١٩٨١/١٠/٢ | ٤٦ کەس | ٤ | ٧٤.٢٦ | سەید عەلی خامنەیی |
| چوارەم | ١٩٨٥/٨/١٦ | ٥٠ کەس | ٣ | ٥٤.٧٨ | سەید عەلی خامنەیی |
| پێنجەم | ١٩٨٩/٧/٢٨ | ٧٩ کەس | ٥ | ٥٤.٧٩ | ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی |
| شەشەم | ١٩٩٣/٦/١١ | ١٢٨ کەس | ٤ | ٥٠.٦٦ | ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی |
| حەوتەم | ١٩٩٧/٥/٢٣ | ٢٣٨ کەس | ٤ | ٧٩.٩٢ | سەید موحەمەدی خاتەمی |
| هەشتەم | ٢٠٠١/٦/٨ | ٨١٤ کەس | ١٠ | ٦٦.٧٧ | سەید موحەمەدی خاتەمی |
| نۆیەم | ٢٠٠٥/٦/١٧ | ١٠١٤کەس | ٨ | ٦٢.٨٤ | مەحمود ئەحمەدی نەژاد |
| | ٢٠٠٥/٦/٢٤ | ٢ کەس | ٢ | ٥٩.٧٦ | |
| دەیەم | ٢٠٠٩/٦/١٢ | ٤٧٦کەس | ٤ | ٨٤.٨٣ | مەحمود ئەحمەدی نەژاد |
| یازدەیەم | ٢٠١٣/٦/١٤ | ٦٩٦ کەس | ٦ | ٧٢.٩٤ | حەسەن ڕۆحانی |
| دوانزەیەم | ٢٠١٧/٥/١٩ | ١٦٣٦ کەس | ٦ | ٥٧.٣ | حەسەن روحانی |
| سیانزەیەم | ٢٠٢١/٦/١٨ | ٥٩٢ کەس | ٧ | ؟ | ؟ |

بە وورد بـــوونەوە لەخشـــتەکە، دەردەکەوێـــت کە ڕێـــژەی بەشـــداری هاوڵاتیـــان لە هەڵبژاردنەکـــانی سەرۆکایەتی کۆمار بەمجۆرە بوە:

١. یەکەم: کەمترین ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا بووە.
٢. زۆرتـــرین ڕێـــژەی بەشـــداربوونی هاوڵاتیـــان لەخـــولی دەیەمـــدا بـــووە. ئەم خـــولە کە لە ســـاڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەچـــووەو بە پڕەنگـــدەرترین هەڵبـــژاردن ناســـێنرا. هەرچەنـــدە لە ئەنجامـــدا وەزارەتـــی نـــاوخۆ و ئەنجـــومەنی چـــاودێری "مەحمـــود ئەحـــمەدی نەژاد"ی بە بـــراوە ڕاگەیانـــد، بەڵام بەرەی ڕیفـــۆرم خـــوازی ئێرانـــی، کە ئەو ڕۆژانە پشـــتیوانی لە "میـــر حســـێن موســـەوی" پـــاڵێوراو و ڕکـــابەری مەحمـــود نەژاد دەکـــرد، بە ئەنجـــام و میکـــانیزمی جیـــاکردنەوەی دەنگەکـــان نـــاڕازی بـــوون، بـــۆیە پـــاش ڕاگەیانـــدنی ئەنجامەکـــان خۆپیشـــاندانەکان دژ بەئەنجامەکـــــان دەســـــتی پێکـــــرد و پـــــاش دوو ڕۆژ لە خۆپیشـــــاندانەکان دروشـــــمی خۆپیشـــــاندەران گـــــۆڕا بـــــۆ داواکردنـــــی ئـــــازادی و دیموکراســـــی و داوای بەشـــێک لە خۆپیشـــاندەران لە ســـەرکار لاچـــوون و دژایەتـــی کردنـــی (ســـەید عەلـــی خـــامنەیی) بـــوو، ســـەرئەنجام هێـــزە چەکـــدارەکانی ســـەر بە ســـوپای پاســـداران و هێزەکـــانی ئاســـایش خۆپیشـــاندانەکانیان بە تەواوەتـــی ســـەرکوت کـــرد و ژمـــارەیەکی زۆر لە خۆپیشـــاندەران دەســـتگیر کـــران، کە شـــێوازی لێکـــۆڵینەوە و هەڵســـوکەوت لە گەڵ خۆپیشـــاندەران پرســـیاری زۆری لای هاوڵاتیـــانی ئێرانـــی بە گشـــتی دروســـت کـــرد. لەو خۆپیشـــاندانانەدا (٧٢) کەس کـــوژران وهەردوو ڕکـــابەری هەڵبژاردنـــی "ئەحـــمەدی نەژاد"، "میـــر حســـێنی موســـەوی" و "مەهـــدی کەڕوبـــی" تـــا بە ئەمـــڕۆش لە مـــاڵەکەی خۆیانـــدا دەســـت بەســـەر کـــراون و وەک زیندانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.
٣. بە درێژایـــی مێـــژووی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران، تەنهـــا یەک خـــولی هەڵبژاردنەکـــان بەهـــۆی یەکلانەبـــوونەوەو یەکســـانی دەنگەکـــان چـــووەتە قۆنـــاغی دووەمەوە، کە ئەویـــش خـــولی نـــۆیەمی هەڵبژاردنەکـــانی ســـەرۆک کۆمـــار بـــووە، کە تیایـــدا هەریەک لە "مەحمـــود ئەحـــمەدی نەژاد" و "هاشمی ڕەفسەنجانی" ڕکابەری یەکتر بوون.
٤. لە پـــاش دەرکەوتنـــی بەرەی ڕیفۆرمخـــوازی کۆمـــاری ئســـلامی ئێـــران، ڕێـــژەی بەشـــداری هاوڵاتیـــانی ئێرانـــی لە هەڵبژاردنەکـــانی ســـەرۆکایەتی کۆمـــار، بە ڕێژەیەکـــی بەرچـــاو زیـــادی کـــردووە، کە ئەمەش چەنـــد لێکـــدانەوەیەکی جیـــاواز هەڵـــدەگرێت، بەرەی ڕیفـــۆرم خـــوازی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران خۆیـــان بە هیـــوای داهـــاتووی ئێرانیەکـــان دەزانـــن، بەرەی

ئوســـوڵگەرا و لایەنگرەکـــانی ڕابەر ســـەرەڕای جەخـــت کردنەوەیـــان لە زۆرتـــرین بەشـــداری هاوڵاتیـــان لە هەڵبژاردنەکـــان، بەڵام بەشـــداری بەرفراوانـــی ریفـــۆرم خوازەکـــان بە پلانـــی نـــاحەزانی کۆمـــاری ئیســـلامی دەزانـــن و بەردەوام کـــار بـــۆ لێـــدانی کەســـایەتیە ڕیفۆرمخوازەکـــان دەکەن، ئۆپۆزســـیۆنە مەنفانشـــینەکانی کۆمـــاری ئیســـلامی، خوێنـــدنەوەیەکی جیاوازیـــان بـــۆ ئەم خـــاڵە هەیە، ئەویـــش ئەوەیە؛ کە ئێرانیەکـــان مانـــدوو بـــوون لە سیســـتەم و حـــوکمڕانی پیـــاوانی مەزهەبـــی و هەوڵ دەدەن ســـود لە هەر دەرچەیەک ببیـــنن کە دوریـــان دەخـــاتەوە لە پیـــاوانی مەزهەبی یاخود هەژموونی پیاوانی کۆماری ئیسلامی لە سەر وڵات کاڵ بکاتەوە.

٥. بـــۆ بە پـــاڵێوراو بـــوون بـــۆ دوانـــزەیەمین خـــولی هەڵبژاردنەکـــانی ئێـــران ١٦٣٦ کەس نـــاوی خۆیـــان تۆمـــار کـــردووە کە ئەمەش بەرزتـــرین ڕێـــژەی خواســـتە لەســـەر پۆســـتی ســـەرۆک کۆمـــار لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

## یەکەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران

ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، یەکەم سەرۆک کۆماری کۆمرای ئیسلامی ئێران بوو، کەلە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ١٩٨٠/٢/٤ سەرکەوتنی بە دەستهێناو بوو بەیەکەم سەرۆک کۆمار لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا. نەسروڵا بەنی سەدر دوای هەڵبژاردنی، کابینەی حکومەتە راگوزەرەکەی بازرگانی هەڵوەشاندەوە، بەنی سەدری باوکی لە پیاوانی مەزهەبی و هاوڕێی رۆحوڵا خومەینی بوو، پاش ئەوەی کە لە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا وەک کاندیدی سەربەخۆ (لایەنگری ئیسلام گەرا چەپەکان و نەتەوەپەرەستە لیبراڵەکان) بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و بە بەدەست هێنانی زیاتر لە دە ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ، بەرامبەر بەرێژەی (٧٦%)ی دەنگەکان، بە یەکەم سەرۆک کۆماری ئێران هەڵبژێردا.

لە سەرەتای کاریدا ئایەتوڵا خومەینی پشتگیری لێ دەکرد، سەردەمی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ ڕوداوەکانی سەرەتای شۆڕش و بە بارمتە گرتنی ئەندامانی باڵێۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و دەستپێکی جەنگ لەگەڵ عێراق و تێکچونی ئاسایشی ناوخۆیی و کێشە ناوخۆییەکانی ئێران، بەڵام سەرئەنجام بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، بە هۆی نەبوونی توانای بەڕێوەبردن لە پۆستەکەی دوور خرایەوە، ئەوەش بە (١٧٧ دەنگی بەڵێ و ١٢ دەنگی سپی و یەک دەنگی نەخێر).

بەنی سەدر، دژی بە یاسایی کردنی دەسەڵاتی پیاوانی مەزهەبی ئێران بوو، ١٠ ڕۆژ پێش لێسەندنەوەی متمانە لێی، ئایەتوڵا خومەینی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکانی لێوەرگرتەوە و خستیە ژێر فەرمانی خۆیەوە. (تابە ئەمڕۆش سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان تەنها لای ڕابەرە). کاتێک بەنی سەدر لە

بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی دژ بە نەیارەکانی بێ هیوا بوو، بوو بە هاوپەیمانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق، کە ڕێکخراوێکی سیستەماتێک و خاوەن پێگە بوون و ڕەخنەی زۆریان لە حکومەت هەبوو. لە پاش لادانی لە پۆستەکەی تا بە ئەمڕۆ، بەنی سەدر لە وڵاتی فەرەنسا دەژی و درێژە بە دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدات.

| سەرۆک کۆمار | دەست بەکار بوون | کۆتایی | لایەنی سیاسی | دەوڵەت (کابینە) | سەرۆک وەزیران |
|---|---|---|---|---|---|
| سەید ئەبولحەسەنی بەنی سەدر (١٩٣٣ -- لە ژیاندایە) | ١٩٨٠/١/٢٥ | ١٩٨١/٦/٢٠ | سەربەخۆ | یەکەم | موحەمەد عەلی ڕەجایی |

پاش لادانی بەنی سەدر، ئەنجومەنی کاتی سەرۆک کۆمار، کە ئەوکات و پێش هەمواری دەستور لە ساڵی ١٩٨٩ سەرۆک وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کاتی رابەر، دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری سپارد بە موحەمەد عەلی ڕەجایی و ناوبراوی ڕاسپارد بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پێش وەخت.

## دووەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران

موحەمەد عەلی ڕەجایی، بە بەدەست هێنانی زیاتر لە سیانزە میلیۆن دەنگ، بەرامبەر ڕێژەی (٩٠%)ی دەنگەکان، بوە کاندیدی سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکانی ئێران و کابینەی دووەمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ١٩٨١/٧/٢٤ پێکهێنا. هەرچەند ڕەجایی کاندیدی سەربەخۆ بوو، بەڵام حیزبی جمهوری ئیسلامی پشتگیری لێ دەکرد و تەنها ٢٨ ڕۆژ پاش دەست بەکار بوونی وەک سەرۆک کۆماری ئێران، لە ڕوداوی تەقاندنەوەی نوسینگەی سەرۆک وەزیراندا تیرۆر کرا، ئەوکات ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێرانی تیرۆری ڕەجایی و تەقاندنەوەی نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی لە ئەستۆگرت. لە پاش ڕەجایی، محمد رضا مهدوی کەنی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کاتی سەرۆکایەتی کۆماری گرتە دەست.

| سەرۆک کۆمار | دەست بەکار بوون | کۆتایی | لایەنی سیاسی | دەوڵەت (کابینە) | سەرۆک وەزیران |
|---|---|---|---|---|---|
| موحەمەد عەلی ڕەجایی ١٩٣٣- ١٩٨١ | ١٩٨١/٧/٢٤ | ١٩٨١/٨/٣٠ | سەربەخۆ | دووەم | موحەمەد جەواد باهونەر |

## سێهەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران

سەید عەلی خامنەیی، بە بەدەست هێنانی زیاتر لە پانزە میلیۆن و نۆسەد هەزار دەنگ، بەرمبەر ڕێژەی (٩٥%)ی دەنگەکان، لەخولی سێهمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران لە ١٩٨١/١٠/٢هەڵبژێردرا. دوای کۆتایی هاتنی ماوەکەشی خامنەیی جارێکی تر و بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی سەرۆک کۆمار لە ١٩٨٥/٨/١٦و پاش بە دەست هێنانی زیاتر لە سیانزە میلیۆن دوسەد هەزار دەنگ، بەرامبەر ڕێژەی (٨٥%)ی دەنگەکان، بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبژێردرایەوە، بەمجۆرە خامنەیی بوە یەکەم سەرۆک کۆماری ئیران کەبۆماوەی دو خولی یەک لەدوای یەک سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی گرتە دەست.

لەخولی چوارەمی هەڵبژاردنەکاندا ئەنجومەنی چاودێری بڕیاریدا ڕێگە بە هیچ کەسایەتیەک نەدات کە ئایدۆلۆژیای جیاواز لە کۆماری ئیسلامی پەیرەو بکات کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بپاڵێوێت، سەردەمی سەرۆک کۆماری خامنەیی ڕۆژگاری شەڕی ئێران و عێراق بوو و باڵی جمهوری ئیسلامی بەهێز بوو، لەو ڕۆژگارەدا خامنەیی لە ڕوخساردا تا ڕادەیەک میانڕەوەکان بوو، پاش مەرگی ئایەتوڵا خومەینی، خامنەیی هەڵبژێردرا بە ڕابەر و بۆ ماوەیەکی کەم هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و ڕابەری کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبرد، ئەو لەگەڵ وازهێنانی لە پۆستی سەرۆک کۆمار داوای لە میرحسێنی موسەوی کرد کە تا هاتنە سەر کاری دەوڵەتی نوێ، وەک سەرۆک کۆمار درێژە بەکارەکانی بدات. ئەم خولە ٤٥ ڕۆژ پێش وادەی خۆی کۆتایی پێهات.

| سەرۆک کۆمار | دەست بەکار بوون | کۆتایی | لایەنی سیاسی | دەوڵەت (کابینە) | سەرۆک وەزیران |
|---|---|---|---|---|---|
| سەید عەلی خامنەیی ١٩٣٩---- لە ژیاندایە | ١٩٨٠/١/٢<br>١٩٨٥/٨/١٦ | ١٩٨٥/٨/١٦<br>١٩٨٩/٧/٢٨ | حیزبی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵەی مەلا تێکۆشەرەکان | سێیەم<br>چوارەم | میر حسێنی موسەوی |

## چوارەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران

"ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران، بە بەدەستهێنانی زیاتر لە پانزە میلیۆن و پێنج سەد هەزار و بەرێهەی (٩٤%)ی دەنگەکان، لەبەرواری ١٩٨٩/٧/٢٨ بوو بە سەرۆک کۆمارو سەرۆکی کابینەی پێنجەمی کۆماری ئیسلامی ئێران. هاوکات ڕەفسەنجانی، جارێکی تر و لە خولی شەشەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ١٩٩٣/٦/١١ و پاش بە دەست هێنانی زیاتر لە دە میلیۆن و پێنج سەد هەزار دەنگ، بەرامبەر ڕێژەی (٦٣%)ی دەنگەکان، بویەوە بە سەرۆک کۆماری ئێران.

ڕەفسەنجانی، لەسەرەتای دەست بەکاربوونی وەک سەرۆک کۆمار، هاوکات بو لەگەڵ تازە کۆتایهاتنی جەنگی عێڕاق و ئێران و ئەوکات وڵات ڕێبەرایەتی ڕابەرێکی نوێی بە خۆیەوە دەبینی، ئێران کەوتبووە قۆناغێکی نوێوە هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری خامنەیی، بڕیاریدا بە هەموار کردنەوەی دەستور و هەڵوەشاندنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران، لەو سەردەمەدا، بەهۆی هاوسەنگی باڵی چەپ و ڕاست، بەرەیەکی میانڕەوی پراگماتیست دروست بوو. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ڕەفسەنجانیدا و بەهۆی کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێڕاق، ئەو ساڵانە ناونرا سەردەمی بونیادنانەوە. پرسی سەرەکی حوکمڕانی بوو بە بونیادنانەوەی وڵات پاش شەڕ و برەودانی ئابوری وڵات.

لە ڕوداوەکانی سەردەمی سەرۆک کۆمار (ڕەفسەنجانی) گرتن و کوشتنی کەسایەتییە نارازییەکانی ناوخۆو سپاردنی زۆرێک لە سەرچاوە ئابووەییەکانی ناوخۆ بە سوپای پاسداران و تیرۆرە نێودەوڵەتیەکان، لەوانە تیرۆری سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ئێران لەوانە قاسملو و شاپور بەختیار و شەرەفکەندی و هومایونی ئەردەڵان و ......هتد، لە سەر ئاستی ناوخۆش دەستپێکی زنجیرە تیرۆرە ناوخۆییەکان بون.

| سەرۆک کۆمار | دەست بەکار بوون | کۆتایی | لایەنی سیاسی | دەوڵەت (کابینە) | سەرۆک وەزیران |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی ١٩٣٤ --- ٢٠١٦ | ١٩٨٩/٨/٢٧<br>١٩٩٣/٦/١١ | ١٩٩٣/٦/١١<br>١٩٩٧/٥/٢٣ | کۆمەڵەی مەلا تێکۆشەرەکان | پێنجەم<br>شەشەم | حەسەن حەبیبی |

## پێنجەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران

سەید موحەمەدی خاتەمی، لەخولی حەوتەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئێران، پاش بە دەستهێنانی زیاتر لە بیست میلیۆن و سەد هەزار دەنگ، بەرامبەر بەرێژەی (٦٩%)ی دەنگەکان، لەبەرواری ١٩٩٧/٥/٢٣وەک براوەی هەڵبژاردنەکە و پێنجەمین سەرۆک کۆماری ئێران ڕاگەیەندرا. جارێکی تر و لە بەرواری ٢٠٠١/٦/٨ و پاش بە دەستهێنانی زیاتر لە بیست و یەک میلیۆن و شەش سەد هەزار دەنگ، بەربەر بەرێژەی (٧٧%)ی دەنگەکان، جارێکی تر بۆ خولی هەشتەم بویەوەوە بە سەرۆک کۆماری ئێران.

خاتەمی لەگەڵ دەستپێکردنی کارەکانیدا، کابینەکەی ناونا (خولی چاکسازی)و وتوێژی شارستانیەتەکان و نەهێشتنی گرژییە سیاسیەکان لەسەر ئاستی نێودەڵەتی، یەکێک لە ئامانجەکانی بوو، لە سەر پرسە ناوخۆییەکانیش برەودان بە ئازادییە مەدەنیەکان لە چوارچێوەی دەستوردا یەکێکی تر بوو لەو هەنگاوانەی

که له لایەن شەقامی ئێرانی بەتایبەت نوسەر و ڕۆژنامە نووسان و هونەرمەندان و لاوانەوە ئەوکات پێشوازی لێکرا.

لەگەڵ دەست بەکاربونی خاتەمیدا ئەنجومەنی پاراستن بڕیاریدا بە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان لە سەرۆک کۆمار، کە لە خولەکانی پێشتردا سەرۆک کۆمار سەرۆکی ئەم ئەنجومەن بوو، لەو بەرواره تا کاتی مردنی هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆک کۆماری پێشوو سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە بوو.

له دیارترین لاوازییەکانی کابینەکەی خاتەمیدا دەتوانین ئاماژە بەم چەند خاڵە بکەین؛

١. پەلاماردانی حەرەمی زانکۆکان لە لایەن سوپاوە.
٢. زنجیرە تیرۆرەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ.
٣. ڕازی نەبوونی زانایان لە شێوازی حوکمڕانی بە جۆرێک کە پاش زیاتر لە بیست ساڵ جارێکی تر، کەسایەتییە دیارەکان ئێرانیان بە جێدەهێشت، کە ئەم ڕوداوە ناونرا (هەڵهاتنی مێشکەکان).

| سەرۆک کۆمار | دەست بەکار بوون | کۆتایی | لایەنی سیاسی | دەوڵەت (کابینە) | جێگری یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|
| سەید موحەمەد خاتەمی ١٩٥٣--- لە ژیاندایە | ١٩٩٧/٥/٢٣ ٢٠٠١/٦/٨ | ٢٠٠١/٦/٨ ٢٠٠٥/٦/١٧ | کۆمەڵەی مەلا تێکۆشەرەکان | حەوتەم هەشتەم | موحەمەد ڕەزا عارف |

## شەشەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران

مەحمود ئەحمەدی نەژاد، لە قۆناغی دووەمی خولی نۆیەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، لە ٢٠٠٥/٦/٢٤ و بە بەدەستهێنانی زیاتر لە حەڤدە میلیۆن و سێ سەد هەزار دەنگ، بەرابەر بەرێژەی (٦٣%)ی دەنگەکان، بوو بە شەشەمین سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران. هەرچەند هەتا کۆتایی قۆناغی یەکەم هیچ یەک لە سێ حیزبی کۆمەڵەی فیداکارانی شۆڕش و کۆمەڵی ئیسلامی ئەندازیاران و هاوپەیمانی ئاوەدانکەرەوەکانی ئێرانی ئیسلامی، پشتگیرییان لە ئەحمەدی نەژاد نەکرد، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا ئەحمەدی نەژاد بوو بە کاندیدی ئەم سێ حیزبە، لە قۆناغی یەکەمدا (موحەمەد باقری قالیباف) کاندیدی کۆمەڵەی فیداکارانی شۆڕشی ئیسلامی و (عەلی لاریجانی) لە پشتیوانیەکانی کۆمەڵی ئیسلامی ئەندازیاران بەرخوردار و هاوپەیمانی ئاوەدان کەرەوەکانی ئێران، لە قۆناغی یەکمدا پشتیوانی لە هیچ کاندیدایەک نەدەکرد. شایەنی باسە کە بە درێژایی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران تا ئەمڕۆ تەنها نۆیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار چووەتە قۆناغی دوەمەوە.

ئەحمەدی نەژاد بۆ جاری دووەم، بەرامبەر بە(هاشمی رەفسەنجانی) کەسایەتی دیاری ریفۆرمخوازەکان، لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/١٢ پاش بە دەست هێنانی زیاتر لە بیست و چوار میلیۆن و پێنج سەد هەزار دەنگ، بەرامبەر رێژەی (٦٣%)ی دەنگەکان، سەرکەوتنی بەدەستهێنایەوە، ئەم خولەش بو بە دەیەم خولی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران.

| دەوڵەت (کابینە) | لایەنی سیاسی | کۆتایی | دەست بەکار بوون | سەرۆک کۆمار |
|---|---|---|---|---|
| نۆیەم و دەیەم | فیداییانی شۆڕش – ئەندازیارانی ئیسلامی –ئاوەدان کەرەوەکان | ٢٠٠٩/٦/١٢<br>٢٠١٣/٦/١٤ | ٢٠٠٥/٦/٢٤<br>٢٠٠٩/٦/١٢ | مەحمود ئەحمەدی نەژاد<br>١٩٥٥ ---- لە ژیاندایە |

## حەوتەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران

حەسەن ڕۆحانی، پاڵێوراوی بەرەی ڕیفۆرمخوازی ئێرانی بوو، دوو سەرۆک کۆماری پێشوتری ئێران (ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی و سەید موحەمەدی خاتەمی) پشتگیریان لێ دەکرد. ئەوەبو لەخولی یازدەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئێران، توانی لە بەروار ٢٠١٣/٦/١٤ و پاش بە دەست هێنانی هەژدە میلیۆن و شەش سەد هەزار دەنگ، بەرامبەر بەرێژەی (٥١%) دەنگەکان بو بە سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکان و دەوڵەتەکەی ناو نا دەوڵەتی (چارەسەر و هیوا).

جارێکی تر رۆحانی لەخولی دوانزەیەمی هەڵبژاردنەکاندا توانی لە بەرواری ٢٠٢١/٥/١٩ زۆرینەی دەنگەکانی بەرێژەی ٥٧.٣% بەدەستبهێنێت و بۆ چوار ساڵی تر درێژەی بە سەرۆکایەتیەکەیدا.

## کاندیدانی خولی سیازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران

بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی سەرۆک کۆماری ئێران، ٥٩٢ کەس کە ناویان تۆمار کرا، لەوژمارەیە تەنها ٤٠ کەس بەتەواوی مەرجەکانیان تێدابو، ٣٣ کەسیان لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستووری ئێران رەتکرانەوە و تەنیا ٧ کەسیان بۆ گرتنە دەستی پۆستی سەرۆک کۆماری بە شیاو زانران.

بەمجۆرە رۆژی ٢٥-٥-٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆی ئێران لیستی کاندیدانی سیازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئێرانی بڵاوکردەوە، کەپێکهاتبون لەحەوت کەس، ئەوانیش بریتی بون لە(ئیبراهیم رەئیسی، سەعید جەلیلی، موحسین رەزایی، عەلیرەزا زاکانی، ئەمیرحوسێن قازیزادە هاشمی، موحسین مێهرعەلیزادە و عەبدولناسر هیمەتی).

بەڵام لەم حەوت کەسەش لەماوەی هەفتەی هەڵبژاردنەکاندا هەریەکە لە (عەلیرەزا زاکانی و سەعید جەلیلی) لە بەرژەوەندیی رەئیسیی کشانەوەی خۆیان لە هەڵبژاردنەکە راگەیاند. بەیانی رۆژی ١٦ حوزەیران، واتە دو رۆژ بەر لەهەڵبژاردنەکە (موحسین مێهرعەلیزادە)، کەبەکاندیدی ریفۆرمخوازەکانی دادەنرا، بەبێ ئەوەی پشتیوانیی بۆ هیچ کاندیدێک رابگەیێنێت، لەرکابەری هەڵبژاردنەکانی خولی سیازدەیەمی سەرۆک کۆماریی ئێران کشایەوە. بەمجۆرە لەئێستادا تەنها چوار کاندید ماونەتەوە بۆ رکابەریکردن لەسەر بەدەستهێنانی کورسی سەرۆکایەتی لەهەڵبژاردنەکانی ئێراندا. ئەوانیش بریتین لە:

١. -ئیبراهیم رەئیسی
٢. موحسین رەزایی
٣. -عەبدولناسر هیمەتی
٤. ئەمیر حوسێن قازی زادەی هاشمی

| ناو | تەمەن | وێنە | بەرەی سیاسی | پارتی سیاسی | • پێشینە |
|---|---|---|---|---|---|
| سەعید جەلیلی | ١٩٦٥ ز<br>٥٦ساڵ |  | پارێزگاران | سەربەخۆ | • ئەندامی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ءێران لە ٢٠١٣ تا ئێستا .<br>• سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی ئێران ١٩٩٧-٢٠١٣<br>• چەند رۆژێک بەرلەهەڵبژاردنەکە لەبەرژەوەندی رەئیسی کشایەوە |
| موحسن رەزایی قائید | ١٩٥٤<br>٦٧ ساڵ |  | پارێزگاران | بەرەی وەستانەوەی ئێران | • سکرتێر و ئەندامی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران ١٩٩٧ تا ئێستا .<br>• فەرماندەی گشتی سوپای پاسدارانی ئێران ١٩٨٠-١٩٩٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سەید ئیبراهیم رەییسی | ١٩٥٠<br>٧١ ساڵ |  | پارێزگاران | کۆمەڵەی رۆحانیە تێکۆشەرەکان بەرەی پایداری کۆماری ئیسلامی | • سـەرۆکی دەزگـای دادوەری ئێـران ٢٠١٨ تـا ئێستا .<br>• ئەنـــدامی ئەنجـــومەنی دیـــاریکردنی بەژەوەندییەکانی ئێران ٢٠١٧-٢٠١٨<br>• متـولی پەرەسـتای قوسـی رەزەوی ٢٠١٥-٢٠١٩<br>• داوکاری گشتی ئێران ٢٠١٤-٢٠١٦<br>• نـوێنەری ئەنجـومەنی شـارەزایان ٢٠٠٦ تـا ئێستا<br>• یاریدەری یەکەمـی سـەرۆکی دەزگـای دادوەری ٢٠٠٥ -٢٠١٤<br>• سەرۆکی دامەزراوەی گشتی پشکنینی ١٩٩٤-٢٠٠٤ |
| عەلیرەزا زاکانی | ١٩٦٥<br>٥٦ ساڵ |  | پارێزگاران | کۆمەڵەی رێبوارانی کۆماری ئیسلامی | • ئەندامی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ٢٠٠٤ تا ئێستا<br>• لەبەرژەوەندی رەئیسی کشایەوە. |
| سەید ئەمیر حسێن قازیزادە هاشمی | ١٩٧٠<br>٥٠ساڵ |  | پارێزگاران | پارتی ئیسلامی قانون | • یاریدەری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ٢٠٢٠-٢٠٢١<br>• نوێنەری ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لە ٢٠٠٨ تا ئێستا |
| موحسین مێهرعەلیزادە | ١٩٥٦<br>٦٥ ساڵ |  | ریفۆرمخواز | پارتی ئیرادەی میلەتی ئێران<br>پارت رۆڵەکانی ئێران | • پارێزگاری ئەسفەهان ٢٠١٧-٢٠١٨<br>• جێگری سەرۆک کۆمار ، سـەرۆکی دامەزراوەی پەروەردەی جەستە (وەرزش ) ٢٠٠١-٢٠٠٥<br>• پارێزگاری خۆراسان ١٩٩٧-٢٠٠١<br>• یاریدەری سـامەزراوەی وزەی ئەتـۆمی ئێـران ١٩٩٢-١٩٩٥<br>• رۆژی ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢١ کشایەوە. |
| عەبدلناسری هیممەتی | ١٩٥٧<br>٦٤ ساڵ |  | میانرەو ریفۆرمخواز | پارتی خزمەتگوزارانی بنیاتنانەوە | • سەرۆکی بانکی مەرکەزی ئێران ٢٠١٨- ٢٠٢١<br>• بەرێـوەبەری گشـتی بـانکی مەرکەزی ئێـران ٢٠١٣-٢٠١٦<br>• بەرێوەبەری گشتی بانکی سینا ٢٠٠٦-٢٠١٣<br>• سەرۆکی بیمەی ناوەندی ئێران ١٩٩٤-٢٠٠٦<br>○ ٢٠١٦-٢٠١٨<br>○ یاریـدەری سیاسـی رادیـۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران ١٩٨٨-١٩٩٤ |

## یەکەم: موحسین رەزایی

موحسین رەزایی میر قائید، لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری مەسجد سولەیمان لە دایک بووە، خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی هەر لەم شارە تەواو کردووە، بۆ خوێندن لە ئامادەیی پیشەسـازی نەوت چـووە شـاری ئەهـواز، هەر لەم ساڵانەدا بوو کە بە هۆی چالاکی سیاسی لە لایەن ساواکەوە دەستگیر کرا. (سازمان امنیت و آزادی کشور: ساواک)، بۆ ماوەی ٦ مانگ لە زیندانی ساواکدا دەمێنێتەوە و پاش ئازاد بوونی لە گەڵ ژمـارەیەک

له هاوڕێیانی گروپی مەنسورون دادەمەزرێنێت کە گروپێکی سیاسی بووە.
پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٤ لە بەشی ئەندازیاری میکانیک لە زانکۆی و زانست و پیشەسازی وەدەگیرێت، دێتە تاران و لە گەڕەکی نارمەک نیشتەجێ دەبێت، درێژە بە کاری سیاسی دەدات دژ بە رژێمی پەهلەوی تا سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ هەڵگیرسانی شەری ئێران عێراق واز لە خوێندنی زانکۆ دەهێنێت و بەشداری بەرەکانی جەنگ دەکات و پاش جەنگ لە ناوەندی فێرکردنی بەنامەو بودجە دبێتە خوێندکار هەر لەو ناوەندە بڕوانامەی بەکالۆریس بە دەست دەهێنێت.

## خاڵە بەهێزەکانی موحسن ڕەزایی لەم هەڵبژاردنەدا:

- کاریزمایی بوونی لە نێو ڕیزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران ، یەکێک لە دامەزرێنەرانی سوپای پاسداران بووە و ١٦ ساڵ فەرماندەی سوپای پاسداران بووە.
- بەرەوام توانیویەتی متمانەی هەردوو ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئیران بۆ خۆی بەدەست بهێنێت و بەسەرکەوتن لەو ئەرکانەی لە لایەن ڕابەرەکانەوە، پێی سپێردراوە ئەو متمانەی پاراستووە.
- دەنگی ناوچەیی و عەشایری، موحسن ڕەزایی لە لوڕەکانی بەختیاریە و ئەشێت لوڕ بوونی هاوکارێکی باشی بێت لە پارێزگا لوڕنشینەکانی ئێران لەوانە لوڕستان ،چوارمەحال و بەختیاری، ئیلام و خوزستان.
- شکستی عەمەلیاتی کەربەلای چوار، لە ناوچەی ئەبو خەسیب لە باشووری عێراق و کوژرانی زیاتر لە هەزار پاسداری ئێرانی .ئەم عەمەلیاتە بەبێ گوێدانە نارەزایەتی ئەرتەشی ئێران و بەسەرۆکایەتی سوپای پاسداران ئەنجامدرا، کە ئەو کات رەزایی فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران و سەرپەرەشتی ئەو عەمەلیاتەی دەکرد.

## خاڵە لاوازەکانی موحسن ڕەزایی لەم هەڵبژاردنەدا:

- رەزایی زیاتر وەک سەربازێک ناسراوە تا سیاسەتمەدارێک.
- نەبوونی کەسانی ئەکادیمی میدیاکاری کۆمەڵناس لە کەمپینەکانیدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە رەزایی خاوەنی ناوەندی هەواڵی تابناکە و یەکێکە لە ماڵپەڕە بەهێزەکان، بەڵام جێگای پرسیارە کە بەم دامەزراوەیە بۆچی لە چەند خول خۆ کاندیدکردنی رەزاییدا توانای پاڵپشتی کردنی تابناک وەک بەشێک لە کەمپینی هەڵبژاردنی رەزایی.

## دوەم: سەید ئیبراهیمی رەئیسی

سەید ئیبراهیمی رەئیسی ناوێکی دیارە لە مێژوی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا. ئەوەش بەهۆی هەستیاری پێگە دادوەرییەکەیەوە. رەئیسی لای زۆرێک لە ئێرانیەکان، وەک کەسایەتیەکی بە پشت و پەنای ڕابەر دەزانن هەڵبەت ئەم گریمانەی هاولاتیانی ئێرانی زۆر لاوازە، چونکە لە ماوەی ڕابردوودا دەرکەوتوو کە سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ سەرە ڕای پشتیوانی کردن لە سەرجەم ئەندام و لایەنگران و هاولاتیانی ئێران، بەڵام ئامادەی قوربانیدان نیە بە مێژووی خۆی بۆ هیچ کەسێک، کەوایە ئەشێت لەو ڕوانگەوە لەرەئیسی بڕوانین کە خزمەتکارێکی بە وەفای سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ و کارمەندێکی راستگۆی ئەو سیستەمەیە. رەئیسی بە پێی پێگە قەزاییەکەیەوە یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆرترین قسەی لە سەر دەکرێت لەسەر ئاستی ڕکابەرە ناوخۆیی و نەیارەکانی لە دەروەی ئێران کە لێرەدا هەوڵمانداوە تەنها ئەو دیدگایانە بخەینە ڕوو.

ئیبراهیمی رەئیسی لەساڵی١٩٦٠ لە دایکبووە، کەسایەتی ئایینی بەرەی موحافیزکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانە. خۆی بە ساداتی حسێنی (حسێنی کوری عەلی ئەبی تالب) دەزانێت. رەئیسی پاش کۆتایی هاتنی خوێندنی سەرەتایی، دەچێتە حەوزەکانی پەروەردەی ئایینی، پاش ماوەیەک بۆ برەودان بە خوێندنی ئایینی دەچێتە شاری قوم، لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران بارودۆخی شاری "مەسجد سولەیمان" وەک خواستی ئایەتولا خومەینی نابێت، کە ئەوکاتە گروپە چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەم شارەیان بە شێوەیەک خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، بۆیە ئایەتولا خومەینی " شێخ هادی مەروری" وەک نوێنەری خۆی دەست نیشان دەکات، بۆ ئەوەی بچێتە شاری مەسجد سولەیمان، تاوەکو بتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخی ئەو شارە بکات، پاشان ئیبراهیم رەئیسی لە لایەن مەرورییەوە وەک هاوکار دەستنیشان دەکرێت و لە دوای گەیشتنیان بۆ شاری مەسجد سولەیمان و پاش ماوەیەک توانرا ڕوبەڕووی ئەو گروپانە ببنەوە، ئەویش لە ڕێگەی برەودانی کلتوری مەزهەبی و دەستگیرکردن و...هتد. هەر لەو ڕووداوانەدا یەکەمین بەستەری ڕەئیسی و دەسەڵاتی دادوەری دروست بوو، بەڵام بە شێوەیەکی دیار لە ساڵی ١٩٨٠دەستی پێکرد کاتێک لەو ساڵەدا بەجێگری سەرۆکایەتی دادگای شاری کەرەج دەست نیشانکرا، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە دەست بە کاربوونی لەو پۆستەداو بە بڕیاری سەرۆکایەتی گشتی دادگای وڵات دەبێت بە سەرۆکی دادگای کەرەج، دوو ساڵ دواتر بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی دادگای شاری هەمەدانیشی پێ سپێردرا، چوار مانگ بەرپرسیارێتی هەردو شاری لە ئەستۆ بوو، تا ئەو کاتەی کە بە فەرمی دەستنیشانکرا بە سەرۆکی دادگای شاری هەمەدان و ماوەی سێ ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە (١٩٨١-١٩٨٤).

ڕەئیسی لە ساڵی ١٩٨٤ گەڕایەوە پایتەخت و بوو بە جێگری سەرۆکی دادگای باڵای شۆڕش لە تاران. پاش سێ ساڵ کار کـردن لەم پۆسـتەدا تـوانی ڕەزامەنـدی ئـایەتوڵا خـومەینی لە سـەر شـێوازی بەڕێـوەبردنی کارەکانی بە دەست بهێنێت و بە سێ فەرمانی یەک لە دوای یەکـی (١.٢.٣) خـومەینی ڕەئیسـی سەرپشـک کرد کە بەدەر لە دەسەلاتە فەرمیە یاساییەکانی، بەپرسیارێتی بارودۆخی پارێزگاکانی لوڕستان و کرماشان و سمنان بەڕێوەبیات (ئەو دەسەڵاتەی کە پێی بەخشرا بەدەر لە یاساکانی دەسەڵاتی دادوەری بوون) مەبەسـت لەم سەرپشک کردنە ڕوبەڕوبونەوەی هەموو ئەم کەسانە بوون کە ڕای جیاوازیان لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات بوو، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی سیاسیەوە ئایدۆلۆژیای جیا لە کۆماری ئیسلامیان هەبـوو، پـاش کۆتایی هێنان بە کارەکانی لەو ناوچانە جارێکی تر لە لایەن ئایەتوڵا خومەینیەوە چەندین دۆسیەی گرنگـی پێ سپێردرا، لەوانە دۆسیەی یەکلاییکردنەوەی سـەرجەم ئەو زینـدانە سیاسـیانە، کە لە زیندانەکانـدا بـوون (لیژنەیەکی چوار کەسی پیک هێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی زیندانیانی سیاسی، کە ژمارەیان چەند هەزار زیندانیەک بوو، ڕەئیسـی یەکێـک لە ئەنـدامە بەهێزەکـانی ئەو دەسـتەیە بـوو و لە ئەنجامـدا بڕیـاردرا بە تیربـاران کـردن و لەسـێدارەدانی بەشـێکی زۆری زینـدانیەکان، بە جۆرێـک کە تەنـانەت تەرمەکانیشـیان ڕادەستی خێزانەکانیان نەکرایەوە، لە مێـژووی سیاسـی ئێرانـدا بە کوشـتاری هـاوینی ١٣٨٨ ناسـێنراوە. لەپاش مەرگی ئایەتوڵا خومەینی و هاتنە سەرکاری عەلی خامنەیی، وەک ڕابەر ڕەئیسی بە سەرۆکی دادگـای تاران دەستنیشانکرا و لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٥ درێژەی بەکارکردندا لەو پۆستەدا.

ڕەئیسی لەساڵی ١٩٩٤ تا ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکایەتیی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی گشتی وڵاتی پێ سپێردرا، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٤ تاوەکو ٢٠١٤ و بۆ ماوەی دە ساڵ جێگری یەکەمی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بووە لە ئێران، بە فەرمانی تایبەتی خامنەیی و لەساڵی ٢٠١٢ تا بە ئێستا، سەرۆکی دادگای ڕۆحانیەتە. ڕەئیسی وەک بەهێزترین پاڵیوروی موحافیزکارەکان ئەژماردەکرێت، بەڵام ڕەئیسی لە دیدگای بەرەی ڕیفۆرم خوازو نەوەی نوێی ئێرانیەوە کۆمەڵێک خاڵی لاوازی هەیە لەوانە:

1 . بەشدار و بڕیاردەر بوو لە سەرکوتکردنی هەموو ئەو دەنگانەی کە ڕای جیاوازیان هەبوو لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئیسلامی ئێرانەوە تا ئەمڕۆ.

2 .کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٨، وەک باسمان کرد ڕەئیسی یەکێک بوو لە ئەندامە کاریگەرەکانی ئەو لیژنەیە، کە بڕیاری بەسەر زیندانیان سیاسیدا دەسەپاند، ئەم لیژنەیە بە لیژنەی مەرگ ناوبانگی دەرکردووە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

3 .لەڕوداوی پەلاماردانی خوێندکارانی زانکۆی تاراندا هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و ئیتلاعات بەبێتاوان ڕاگەیەندران، کە ئەو کات ڕەئیسی سەرۆکایەتی داداگای تارانی دەکرد.

4 .پاش ئەوەی کە سەعید ئیمامی جێگری وەزیری ئیتلاعات بە تۆمەتی سەرۆکایەتیکردنی زنجیرە تیرۆرەکان دەستگیر کرا و بە شێوەیەکی سەیر لە زیندانی ئیڤینی تاران گیانی لە دەستدا، ئەو کات دەسەڵاتی دادوەری لە راگەیەندراوێکدا ڕای گەیاند، کە ئیمامی دانی بە تاوانەکانیدا ناوەو بە مادەی پاککەرەوە لە زینداندا خۆی کوشتووە، ئەوکات رەئیسی سەرۆکی دادگای تاران بوو (ئەوەی جێی پرسیارە: ئایا ئیمامی بە تەنیا ئەم تیرۆرانەی ئەنجام داوە؟).

لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت ئاماژە بە ئەوە نەدەین کە رەئیسی پشتیوانیەکی بەهێزی هەیە، کە ئەویش بەرەی موحافیزکار بە گشتی و شەخسی عەلی خامنەییە بە تـایبەتی و پـاڵێوراوێکی بەهێـزە بـۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی حەسەن ڕۆحانی.

دروشمی رەئیسی بـۆ هەڵبژاردنـی خـولی دوانزەیەمـی سـەرۆک کۆمـار "کـابینەی کـار و کەرامەت"ە کە لە ئێرانیەکان وەک دروشمێکی پۆپۆلیستی باسی لێوە دەکەن. سەرە ڕای ئەمانەشە رەییسـی کۆمەڵێـک خـاڵی بەهێزی هەیە لەوانەش :

- یەکێکە لەو سیاسەتەمدار و لێپرسراوانە کە هەمیشە پاڵپشتی بەرەی پارێزگـاران و کەسـی یەکەمـی کۆمارەکەی هەبووە.
- بەوپێیەی کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە ٤٢ سـاڵی تێپەڕانـدووە، ئەشـێت بـاس لەوە بکرێت کە لە نێو هاوپۆلە سیاسیەکانی ئەو رۆژگارەی و بە پێـی ڕێگەدانـی ئەنجـومەنی پاراسـتنی دەستور وەها هاوشانێکی لە کێبڕکێدا نەبێت.
- پاڵپشتی و پشتیوانی بەرفراوانی هاوڵاتیانی پەیڕەوی هێڵیَ ڕابەر لە رەییسی.

هەرچەندە تائێستا، رەئیسی چانسی لەرکابەرەکانی دیکەی زیاترە، بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆک کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا چەنـد کۆسـپ و ئاسـتەنگێک هەیە، کەبەرلەهەڵبـژاردنەکەو دوای هەڵبژاردنەکەش روبەروی دەبنەوە لەوانەش:

1 .هەرکات هاوڵاتیـانی هەر وڵاتێـک بیانەوێـت رەخـنە لە نـاڕونی لە شـێوازی جێبەجێکردنـی بگـرن ئاراستەی رەخنەکانیان بەروە دەزگای دادوەری دەبێـت، وەک باسـمان کـرد لەئێرانیشـدا رەئیسـی یەکێکە لە کەسایەتیە هەرە دیارەکانی دەزگـای دادوەری ئێـران، کەوایە هاوڵاتیـان دەپرسـن بـۆچی تائێسـتا رەئیسـی لەوپێگەیەیـدا درێـژەی بە چاوپۆشـیداوە، لە کەمتەرخەمـی دەسـەڵات، بەرامـبەر بەهاوڵاتیانی وڵاتەکەی.

2. بەرەی پارێزگارانی ئێرانی بەردەوام لە وەبەرهێنانی کاندیدی داهاتون بۆ پۆستی داهاتوو، بەجۆرێک لە ماوەی هەڵبژاردندا کەسانێک دەهێنێتە ناو پرۆسەکەوە بۆ ئەوە هاوڵاتیان زیاتر ئاشنایان بن، هەرچەندە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم کەسانە لاوازە بەڵام لە وەربەرهێنای سیاسیدا ئەمە کارێکی ژیرانەیەو ئەمەش یەکێکی تر لە کێشەکانی رەئیسی، چونکە بوونی چەند کاندید لە یەک بەرە دەنگی بەرەی ریفۆرمخواز.

**سێهەم: سەید ئەمیر حسێن قازیزادەی هاشمی**

سەید ئەمیر حسێن قازیزادە لە ٤-٤-١٩٧٠ لە شاری فریمانی پارێزگای خۆراسان لەدایکبوە. قازیزادە سیاسەتەمداری رەوتی پارێزگارانە لە ئێران. جیا لە کاری سیاسی پزیشکە نەشتەرگەری (گوێ و هەڵق و لووت).

گرنگترین پێگە سیاسیەکانی قازیزادە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا:

- جیگری سەرۆکی یەکەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و نوێنەری مەشهە لە خولی هەشتەم نۆیەم دەیەم و یانزەیەمدا.
- لە خولی نویەم وەک سکرتێر ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بووە.
- ئەندام و وتەبێژی پارتی بەرەی پایەداری بووە لە ساڵی ٢٠١٣ تا ٢٠١٤.

بەوپێیەی قازیزادە لە ماوەی کاری سیاسیدا کەمتر لە پێگەی هەستاردا بووە و زیاتر وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ناسراوە، بۆیە ئەگەری سەرکەوتنی بە دور دەزانرێت.

**چوارەم: عەبدولناسری هیمەتی**

عەبدولناسری هیمەتی ئابووریناس و سیاسەتەمداری ریفۆرمخوازی ئێران، لەساڵی ١٩٥٧ لە کەبودر ئاهەنگی پارێزگای هەمەدان لەدایکبوە، یەکێکە لە ئابووریناسە دیارەکانی ئێران، کەسایەتیەکی متمانە پێکراوی بەرەی ریفۆرمە لە ئێران لەسەرەتای هاتنەسەرکاری سەید محەمەدی خاتەمی پێشنیاری دانانی سندوقی زەخێرەی دراوی کرد. کە دواتر ناونرا سندوقی پەرەپێدانی نیشتیمانی .

هیمەتی خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرای ئابوریيە، لە زانکۆی تاران، چالاکی سیاسی خۆیی لە ساڵی ١٩٨٠ لەرادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران دەست پێکرد.

لە گرنگترین پێگەکانی عەبدولناسری هیمەتی لە کوماری ئیسلامی ئێران :

١. سەرۆکی بانکی ناوەندی  ئێران ٢٠١٨_٢٠٢١.
٢. بەڕێوەبەری گشتی بانکی مەرکەزی ئێران ٢٠١٣_٢٠١٦.
٣. بەڕێوەبەری گشتی بانکی سینا ٢٠٠٦_٢٠١٣.
٤. سەرۆکی بیمەی ناوەندی ئێران ١٩٩٤_٢٠٠٦.
٥. یاریدەری سیاسی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی ئێران ١٩٨٨_١٩٩٤.

هیمەتی یەکێکە لەرکابەرە سەرسەختەکانی بەرەی پارێزگاران لە هەڵبژاردنی خولی یانزەیەمی سەرۆک کۆمار، سەرەڕای دورخستنەوەی ژمارەیەکی دیار لە کەسانی سەربەخۆ و ڕیفۆرمخواز، بەڵام ئەنجومەنی پاراستنی دەستور ڕێگەی بەبەشداری هیمەتیدا بۆ کاندید بوون، لەهەڵبژاردنەکەدا،

لەئێستادا هیمەتی تەنها بەربژێری راستەقینەو ناچاری بەرەی ڕێفۆرمخواز یان میانڕەوی ئێرانیە، سەرەرای کارنامەی باشی بۆ خزمەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام خاڵی لاوازیشی هەیە، لەوانە کێشە ئابورییەکانی ئێران هەرچەندە کێشە کەڵکە بوون و ناکرێت ئابڵوقە ئابورییەکانی سەر ئەو وڵاتە بە هەند وەر نەگرین، بەڵام ساڵانێکی زۆر هیمەتی وەک بەڕێوەبەرو خاوەن بڕیار لە پێگە هەستیارە ئابوورییەکانی ئێراندا رۆڵی هەبوو، ئەکرا بەر لە ئێشتا هەنگاوی بۆ چارەسەرکردن یان ڕێگری کردن لە کێشە ئابوورییەکاندا بکردایە، هەڵبەت لە دیبەیتەکانی ڕابردوو هیمەتی بێمنەتانە داوای لە لایەنەکان کرد پەیگیری هەنگاوەکانی رابردووی بکرێت و رێگرییەکانی بەردەم ناشەفافی ئابووری دەر بخرێت.

بەو پێیەی کە هیمەتی لە بەرەی ڕێفۆرمخوازە و میانڕەوەکانە، بەڵام کۆمەڵێ ئاستەنگ لە بەردەم سەرکەوتنی لە پرۆسەکەدا هەیە لەوانە:

1. ریفۆرمخوازەکان لە ماوەی رابردوودا یەکدەنگی سەنگەرەکەیان وەک پێویست نەبوو بە تایبەتی دوای کۆچی دوایی هاشمی رەفسەنجانی، بە جۆرێک کە سەرە ڕای بەهێزی سەنگەری بەرامبەریان کە ئیبراهیم رەئیسیە، کەچی بە دوو کاندید بەناری هەڵبژاردنەکانیان کردووە کە ئەمەش پەرت کردنی دەنگی ریفۆرمخوازانە.
2. هیمەتی لە کەسایەتیە خاوەنڕا و پێشنیار بووە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، بە تایبەت لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوو کە هەڵاوسانی ئابووری پشتی هاوڵاتیانی سادەی ئێرانی چەماندۆتەوە، بەجۆرێک کە هاوڵاتیان لەو بڕوایەدا نین کە هیمەتی لە ئەگەری پێدانی شانسێکی تر بتوانێت باری سەرشانی هاوڵاتیان سوک بکات .

## پێنجەم: سەعید جەلیلی

لەرێکەوتی ٦_٩_١٩٦٥ لە شاری مەشهەد لە دایک بووە، باوکی محەمەد حسێن جەلیلی خەڵکی بیرجەنـدە و دایکـی لە ئازەرییەکـانی ئەردەبـیلە، زمـانی فەرەنسـی خوێنـدووەو قۆناغەکـانی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەندی لە مەشهەد خوێندووەو دواتر مامۆستاو بەڕێوەبەری خوێندگەی نەوابی سەفەوی مەشـهەد بـوو، پاشان لە زانکۆی ئیمام سادق دەبێتە خویندکارو درێژەی بە خوێندنی ئەکادیمی داوە تا قۆنـاغی دکتـۆرا لە معارفی ئیسـلامی و زانسـتە سیاسـیەکان و مـاوەیەک مامۆسـتای زانکـۆ بـووە و وانەی هەنـدێک بـابەتی ووتووەتەوە، لەوانە دیپلۆماسی پێغەمبەر. نامەی دکتۆرای جەلیلی بە ناونیشانی ئەندێشەی سیاسی ئیسـلامی لە قورئاندا لە ساڵی ٢٠٠٢ دا وەرگیراوە .

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە کـایەی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و هەڵگیرسـانی شـەڕی نێوان عێراق – ئێران، وەک دیدەوانی تیپی ٢١ی ئیمام ڕەزای خۆراسان بەشـداردەبێت و سـەر ئەنجـام لە ساڵی ١٩٨٦ لە ناوچەی شەلەمچە بریندار دەبێت و بە هۆی بەرفراونی سـەنگەرەکانی شـەڕ لەو نـاوچەیە و نەبوونی فریاگوزاری تەندروستی قاچێکی لە دەست دەدات.

### پێگە دیارەکانی جەلیلی لە کۆماری ئیسلامی ئێران :

- نوێنەری رابەری کۆماری ئیسلامی ئێـران لە سـاڵی ٢٠٠٧-٢٠١٢ لە ئەنجـومەنی بـاڵای پاراسـتنی ئاسایشی نیشتیمانی .
- سەرۆکی تیمی دانوستانی ئێران لە گەڵ وڵاتانی خۆرئاوا لە ساڵی ٢٠٠٧ –٢٠١٠.
- سەرۆکی فەرمانگەی پشکنین لە وەزارەتی دەرەوە لە ١٩٩١.
- یاریدەری یەکەمی ئیدارەی ئەمریکا لە وەزارەتی دەروەی ئێران لە ساڵی ١٩٩٧.
- بەرپرسی لێکۆڵێنەوە لە نوسینگەی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٠.
- یاریدەری ئیدارەی ئەوروپا و ئەمەریکا لە وەزارەتی دەرەری ئێران لە ساڵی ٢٠٠٧.

یەکێک لە گەورەترین شکستەکانی جەلیلی لە ماوەی کار کردنی لە پێگەی سەرکایەتی تیمی دانوستانی ئێران لە گەڵ وڵاتانی خۆرئاوا دەرچوونی سێ بڕیار دژ بە ئێران بوو، کە گرنگتینیان بڕیاری ژمارە ١٩٢٩ بـوو کە بە پێ ی برگەی مادەی ٤١ ی ئێران وەک وڵاتێک تێکدەر و مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دیاریکرا.

لەئێستادا پاراستنی سەروەری ئێران و بە گژا چوونەوەی گرانی و چارەسەر کردنی بێکاری، لە گرنگترین دروشمەکانی هەڵبژاردنی سەعید جەلیلیە، هەر چەندە سەعید جەلیلی لە زۆر پۆستی هەستیار و باڵای کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەشدار بووە، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا چانسی سەرکەوتنی زۆر بەهێز نەبو، بەوهۆیەش لەدواین رۆژەکانی پێش هەڵبژاردنەکە، بریاریدا لەبەرژەوەندی ئیبراهیم رەئیس بکشێتەوە.

**شەشەم: عەلی رەزا زاکانی**

عەلیرەزا زاکانی لە ساڵی ١٩٦٥ لە تاران لە دایک بووە، لە گرنگترین پێگەکانی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بریتی بون لە:

- نوێنەری تاران لە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران، لە خولەکانی حەوتەم ، هەشتەم و نۆیەم.
- نوێنەری قوم لە خولی یانزەیەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی.
- لە دوایین ساڵی کارکردنی لە خولی نۆیەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی تایبەتی لێکۆڵینەوە لە رێکەوتنی ئەتۆمی ئێران بووە، ئەنجام و پێشهاتەکانی ئەو دۆسیەی لە ئەستۆ بووە .
- فەرماندەی بەسیجی خوێندکارانی زانکۆ،
- ئەندامی دستەی رێکخستنی چاپەمەنیەکان،

لە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی لێپرسراوێتی و بەشداریکردنی بوو لە سەرکوت کردنی خۆپیشاندانی ساڵی ١٩٩٧ی زانکۆی تاران و ڕوداوەکانی هێرش کردنە سەر خوێندکارانی زانکۆ. هاوکات زاکانی لە دیدی پارێزگاراندا بە بەهێز دەردەکەوێت، وەک پارێزەری ئاسایشی نیشتیمانی، هاوکات لە دیدی گەنجان و ریفۆرمخوازەکاندا وەک کەسێکی لاوازو دژ بە ئازادی ناودەبرێت. ئەم کاندیدەش هاوشێوەی سەعید جەلیلی لەدواین رۆژەکانی پێش هەڵبژاردنەکە، بریاریدا لەبەرژەوەندی ئیبراهیم رەئیس بکشێتەوە. لای خۆیەوە عەلیرەزا زاکانی، دەربارەی کشانەوەی لەرکابەریەکە بە تەلەفزیۆنی فەرمی ئێرانی راگەیاند:"ئیبراهیم رەئیسی، بە شیاو دەزانم و خۆیشم دەنگی پێدەدەم و هیوادارم بە هەڵبژاردنی ئەو لە وڵاتدا چاکسازی بنەڕەتی بکرێت."

**حەوتەم: موحسین مێهر عەلیزادە**

موحسـین مێهرعەلیـزادە لە بەرواری١٩٥٦/٩/٣٠ لەشـاری مەراغە یە لە پارێزگـای تەورێـز لەدایـک بـوە. سیاسەتەمدارێکی ریفۆرمخوازی ئێرانیە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریسی ئەندازیاری میکـانیکە لە زانکـۆی تەورێز. لە ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی دکتۆرا لە بەشی بەڕێوەبردنی ئابوری لە زانکۆی تاران بە دەستهێناوە.

عەلیزادە لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ خولی حەوتەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار ناوی خۆیی تۆمار کـرد، بەڵام لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستورەو نەبوونی شایستەیی لە هەڵبژاردنەکە دوورخـرایەوە. بەڵام دواتـر و بە نـامەیەکی سەید عەلی خامنەیی ڕابەری کۆماری ئیسـلامی پێـداچوونەوە بە شایسـتەیی هەردو بەربژێـری ریفۆرمخـواز واتە عەلیزادە و مستەفا موعین کراو گەڕانەوە بۆ پرۆسەکە، هەر لەو خولە ڕیفۆرمخوازەکان بە سێ کاندیدەوە بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماریان کرد، کە ئەوانیش هەریەک لە مەهدی کەروبی وەک کاندید کـۆمەڵەی ڕۆحـانیە شۆڕشگێڕەکان، مستەفا موعین لەلایەن ریفۆرمخوازانی پێشڕەو موحسن عەلیـزادە، وەک ریفۆرمخـواز سـەربەخۆ، لەدامەزرێنەرانی سوپای پاسداران بووە لە مەراغە، واتە پەیوەندی باشی لە گەڵ سوپا هەبـووە و بەشـدار بـووە لە دامەزراندنی کۆمیتە شۆڕشگێڕیەکان لە مەراغە و لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی دامەزراوەی جیهـادی سـازندگی بووە لە پارێزگای تەورێز.

لە گرنگترین پێگەکانی عەلیزادە لە کۆماری ئیسلامی :

- سەرۆکایەتی فیدراسیۆنی وەرزشە کلاسیەکیەکان.
- ئەندامێتی دامەزراوەی ناوچەی ئازادی کیش.
- سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەی کۆمپانیای ئەندازیاری پەرەپێدانی ئاوئاسیا، کە جێبەجێکاری پرۆژەی گواستنەوەو شیرین کردنی ئاوی کەنداوی فارس- عەرەب، بۆ پیشەسـازی باشـوور و خـۆرهەڵاتی ئێران.
- پارێزگاری خۆراسان لە دەوڵەتی حەوتەم.
- یاریدەری سەرۆک کۆمار بۆ وەرزش لەماوەی کابینەی هەشتەم.
- لە ساڵی ٢٠١٧ بە پارێزگاری ئەسفەهای دیارکراوە و لە ساڵی ٢٠١٨ بە هۆی یاسای خانەنشینەوە وازی لەو پۆستە هێناوە.
- یاریدەری دامەزراوەی ئەتۆمی ئێران لە کاروباری وێستگەکان لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٥.

عەلیزادە سەرەڕای کارنامەیەکی باش، لە ماوەی بەشداری لە بەڕیوەبردندا، بەڵام بە پشت بەستن بە ئەنجامی پێشوتری، بەشداری لە خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار لە خولی حەوتەم و پاش پشتگیری رابەر بۆ پێدانی شایستەیی لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستور، بەڵام توانی تەنها ٤،٣٨% دەنگەکان بە دەستبهێنێت، وەک کەمترین دەنگی ئەو هەڵبژاردنە دیاری کرا.

بۆیە بە پشت بەستن بە ئەنجامی پێشوو و لێکدانەوەیەکی خێرا بۆ بارودۆخی ریفۆرمخوازەکان و بوونی کاندیدی بەهێزتری ڕیفۆرمخوازو میانڕەوەکان، پێناچێت عەلیزادە کاندیدێکی بەهێز بێت و بتوانێت دەنگی پێویست بە دەست بهێنێت، هەڵبەت نابێت ئەوە لە یادبکەین کە ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە دابڕاندنی دەنگی ریفۆرمخوازان لە ناوچە تورک و ئازەری نشینی لە بەرەی ریفۆرم، چونکە لەم هەڵبژاردنەدا زۆرێک لەپاڵێوراوانی ریفۆرمخواز نەیانتوانی بە فلتەری ئەنجومەنی پاراستنی دەستوردا تێپەڕن و تەنها دو کاندید ئەم شانسەیان هەبووە ئەویش هەریەک لە عەلیزادە و هیمەتی بوون. بەڵام دو رۆژ بەرلەهەڵبژاردنەکە، عەلیزادە بریاریدا لەرکابەرەیەکە بکشێتەوە، بەبێ ئەوەی پشتیوانی خۆی بۆ هیچ یەکێک لەکاندیدەکان دەرببرێت.

## بەرەکانی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران

هەرچەندە کەلە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەردەوام جیاوازی بیرکردنەوەو بەڕێوەبردن لە نێوان کەسایەتییە دیارەکانی ئەمڕۆو دامەزرێنەرانی دوێنێی کۆمار هەبووە، بەڵام هەرگیز ئەمە بەو واتایە نیە کە هیچ یەک لەو باڵ، بەرە یان هاوپەیمانیانەی کە بوونیان هەبووە و هەیە، باسێک یان ئەندێشەیەکی جیا لە بازنەی فەرمانڕەوایی کۆماری ئیسلامیان نەبێت، بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە سەرەتاکانی هاتنەسەر کارو چەسپاندنی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو ڕاستیە زۆر بە بەرجەستەیی بە دی دەکرێت، کە ئایەتوڵا خومەینی و کابینە کاتیەکەی ئەندازیار مەهدی بازەرگان لە سەرەتادا ڕەزامەندی یان لە سەر بوونی ئایدۆلۆژیا و دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان نیشان داوە بۆ ئەوەی لە حکومەتە نوێیەکەی ئێراندا بە ئازادانە چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەبێت، بەڵام ماوەیەکی کەم پاش گشت پرسی لە سەر شێوازی حوکمڕانی لە بەرواری ٣٠ و ١٩٧٩/٣/٣١ و سەرکەوتنی ویستی پیاوانی مەزهەبی لە ئێران، بە ڕێژەی (٩٨،٢%) دەنگەکان و پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە داڕشتنەوەی میکانیزم و چۆنیەتی بەڕێوەبردن، لە یەکەمین خولی هەڵبژاردن و پاش سەرکەوتنی سەید حەسەنی بەنی سەدر، هەست کردنی پیاوانی مەزهەبی بەو مەترسیانەی کە ئەگەر بەنی سەدر، بەردەوام بوایە زیانی بە ئایندەی کۆمارەکەیان دەگەیاند، بۆیە هەر زوو بەرە مەزهەبییەکەی پەرلەمان کە ئەو ڕۆژانە کەم نەبوون، متمانەیان لە سەرۆک کۆمار وەرگرتەوە، هەرچەندە کە

ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێرانی، تەنانەت لایەنە چەپەکانی وەک تودەییەکان و کۆمۆنیست و حیزبە نەتەوە پەرەستەکانی و ڕێکخراوە فیمنیستیەکان، بە گشتی نا، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو و بە هیواوە، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوون، بەڵام ڕۆژ بە رۆژ زیاتر هەستیان بە پەراوێز کەوتنیان دەکرد، بەوتەی زۆرێک لە چاودێرەکان، ئەو ڕۆژانە ئێرانیەکان تەنها یەک مەبەستیان هەبوو لە پشتگیری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەویش سیستەمی کۆماری بوو، کە پاش نزیکەی دو هەزار و پێنج سەد ساڵ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا هاوڵاتی حکومەت بەڕێوەببات. پاش لادانی بەنی سەدر لە پۆستەکەی و ڕوداوە ئەمنیەکانی ناوخۆ، کە لەگەڵ خواستی هاوڵاتی ئێرانیدا نەدەگونجا، لەبەر ئەوەی دروشمی سەرەکی لایەنە دژەکانی حکومەتی پەهلەوی ئاوەدانی بوو، بۆیە زۆرتر لایەنە جیاوازەکان بیریان لە سەقامگیری ئێران دەکردەوە.

لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و پاش دەرکەوتنی پاشەکشە کردنی ئایەتولا خومەینی، لەبەڵێنەکانی بەرامبەر بە پارت و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان و هاوڵاتیانی ئازادیخوازی ئێرانی، پاش ئەوەی بێ متمانەییەکە لە نێوانیاندا سەری هەڵدا، کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتە دژایەتیکردن و دور خستنەوەی سەرجەم ئەو کەسانەی کە ڕوانینیان بۆ سیستەمی کۆماری و کۆماری ئیسلامی ئێران جیاوازە.

لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لە نێو پیاوانی مەزهەبی ئێرانیشدا ڕای جیاواز لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن هەیە، ئەگەر چی هەتا پێش هاتنە سەرکاری خاتەمی کەمتر هەست بەوە دەکرا، لە نێو حکومەتە مەزهەبیەکەی ئێراندا، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە هەر لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، توێژێکی روناکبیری مەزهەبی هەن، کە پشتیوانی گۆڕانکاری لە پەیکەری دەسەڵاتداری پیاوانی مەزهەبی و سەرچاوەکانی بڕیاری مەزهەبی دەکەن، بە پێچەوانەوەی حاکمەکانی ئەمڕۆی ئێران، ئەوانە هەڵگری بیری گەل سالاری و مافی مرۆڤن.

سەرەڕای کارکردنی چەندین دامەزراوە و ڕێکخراو پارتی سیاسی لە ناوخۆی ئێراندا (بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی)، بەڵام بە گشتی دوو بەرەی سەرەکی لە سەر ئاستی سیاسەت و بەڕێوەبردن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوونیان هەیە، کە سەرجەم ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەیان بەسەردا دابەش دەبێت.

## یەکەم: بەرەی ئوسوڵگەراکان (موحافیزکارەکان)

بەرەی ئوسـوڵگەرای کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران: ئەوکەسـایەتیانەن کە لە هەوڵـی پاراسـتنی پەیـکەری دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێراندان، ئەم بەرەیە دژی هەرجۆرە گۆڕانکارییەکن کە لە بونیادی ئایینی و مەزهەبیدا بکرێت، لای خۆیانەوە خۆیان بە بونیادگەرا یان ئوسوڵگەرا پێناسە دەکەن.

- **پێشینەی سیاسی**

ئەم بەرە خۆیان بە پەیڕەوی بێ چەند و چوونی هێڵی ئیمام خومەینی دەزانن و کار بە بنەماکانی سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دەکەن، بێ گوێدانە ئەو گۆڕانکارییانە کە لە ماوەی ڕابـردوودا لە وڵاتـدا هاتوەتەکـایەوە.بەڵام پـاش سـەرکەوتنی "سـەید مـوحەمەدی خـاتەمی" لە هەڵبژاردنەکـانی سـاڵی ١٩٩٧ کە دەستەواژەی ڕیفۆرمخوازەکانیان بە کاردەهێنا لە بری ناوهێنانی کەسـایەتی و ڕێکخـراو و لایەنگرانـی، بە هەمان شێوە "پارێزگارەکان" دەستەواژەی ئوسوڵگەراکان بۆ ناوبردنی خۆیان بەکارهێنا.

- **دامەزراوەکانی موحافیزکارەکان**

لە پاش سەرکەوتنی ریفۆرم خوازەکان لە هەڵبژاردنە سەرۆک کۆمارییەکەی سـاڵی ١٩٩٧ پارێزگارەکـان لەو بڕوایەدا بوون کە ڕیفۆرم خوازەکان لە بنەماکانی شۆڕشی ئیسـلامی واتە لە دەسـتور و ولایەتـی فەقیهــ و ڕابەرایەتی "ڕۆحوڵا خـومەینی" و ڕابەرایەتـی "سـەید عەلـی خـامنەیی" دوور کەوتـوونەتەوە و جـارێکیتر پێداچوونەوەیان کرد بە سەرجەم ڕێکخستنەکانی خۆیاندا.

دیارترین دامەزراوەکانی ڕێکخستنەکانی موحافیزکارەکان ئەمانەن:

- کۆمەڵی پیاوانی ئایینی تێکۆشەر
- پارتی موئتەلەفەی ئیسلامی
- کۆمەڵی ئیسلامی ئەندازیاران
- کۆمەڵەی فیداکارانی شۆڕشی ئیسلامی
- کۆمەڵەی زەینەب
- ئەنجومەنی ئیسلامی پزیشکان
- کۆمەڵەی ئیسلامی کاسبکارانی تاران

- کۆمەڵەی ژنانی شۆڕشی ئیسلامی
- کۆمەڵەی فیداییانی ئیسلام
- ئاوەدانکەرەوەکانی ئێرانی ئیسلامی

بەرەی یەکگرتوی موحافیزکارەکـان، بە گشـتی بەرەی موحافیزکارەکـان لە سـەر بنەمـای دیـدگاکان دابەش کردووە بە سەر چوار لقی سەرەکی:

یەکەم: ئوسوڵگەرا سونەتیەکان

دووەم: ئوسوڵگەرا نویٚ خوازەکان

سێیەم: ئەو ئوسوڵگەرایانە کە پاڵپشتی لە ئەحمەدی نەژاد دەکەن

چوارەم: ئوسوڵگەرا سەربەخۆکان

دەتوانین بڵێین کە ئوسوڵگەراکانی ئێران لەم سێ گروپە پێک دێن:

1 . بەشی زۆری خاوەن پێشینەکان، ئەو دەستەیە کە پەیڕەوی هێڵی ئیمـام "خـومەینی" و ڕابەرایەتـی "سەید عەلی خامنەیی" دەکەن و خۆیان بە میانڕەو دەناسێنن، وەک "کۆمەڵەی زەینەب".

2 .دەستەی  خوازیاری گۆڕانکاری و کۆمەڵەی فیداکارانی ئێرانی ئیسلامی، کە دوو یان سێ حیزبیـان هەیە.

3 .ئەو دەستەی کە پاڵپشتی لە "مەحمودی ئەحمەدی نەژاد" دەکەن، کە لە کۆمیسـیۆنی نـۆیەمین خـولی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی گۆڕدرا، بە ڕێکخستنی سیاسی و حیزبێکیـان بە نـاوی "بەرامەی خۆشی خزمەت" لێ دامەزراند.

## دوەم: بەرەی ڕیفۆرم خوازەکان

ئایدۆلۆژیای ریفۆرمخوازەکـان بـریتییە لە گەیشـتن بە کـۆمەڵگەیەکی مەدەنـی کە یاسـا سـەروەری بکـات، گەیشتن بە هاوڵاتی سالاری ئایینی، ئازادی، هزر سـالاری، دورکەوتـنەوە لە چەقبەسـتوویی و بایەخـدان بە گرفت و خواستەکانی لاوان.

ڕیفۆرم خوازەکان یەکێکن لە دوو بەرە سەرەکیە کە لە ناوخۆی ئێراندا کاری سیاسی ئەنجام دەدەن، ئەم بەرەیە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتیە هەشت ساڵەکەی هاشمی رەفسەنجانی و لەساڵی١٩٩٧و

سەرکـەوتنی سەید موحەمەدی خاتەمی، لە حەوتەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا، کە زیاد لە بیست ملیۆن دەنگی بەدەست هێنا، هاتنە گۆڕەپانی دەسەڵاتداری ئێرانەوە.

ئەم بەرەیە بە هۆی سەرکەوتنە چاوەڕواننەکراوەکەیان لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٧/٥/٢٣ (ڕۆژی ٢ی خورداد "مانگی جۆزەردان") بە بەرەی دووی خورداد ناسێنران. بەمشێوەیە ڕیفۆرمخوازەکان توانیان هەشت ساڵ سەرۆکایەتی کۆمار و چوار ساڵ زۆرینەی نوێنەرەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامییان لەبەردەستدا بێت. لاوازی ریفۆرمخوازەکان لەپاش دووەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەکانەوە دەرکەوت و بە هەمان شێوە لە خولی حەوتەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و پاشان لە نۆیەمین خولی سەرۆکایەتی کۆمار، کاتێک کە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەرکەوتنی بە دەست هێنا، بە تەواوەتی دەرکەوت. بەڵام پاش سەرکەوتنی حەسەن ڕۆحانی، لە یانزەیەمین خولی هەڵبژاردنەکان، جارێکی تر ڕیفۆرمخوازەکان بەقورساییەکی باشتی لە ڕابردووە هاتنەوە گۆڕەپانی دەسەڵاتداری.

## ڕێکخستنەکانی ڕیفۆرمخوازەکان

بازنەی کـار و هاوبەشـی کردنـی هەمـوو ئەو کەسـایەتیانەی کە کـار بـۆ سـەر خسـتنی ڕیفـۆرم و بیـری ڕیفۆرمخوازی ئاینی و سیاسیان هەیە لە ناوخۆی ئێراندا دابەش دەبن بەسەر ئەم ڕێکخستنانەی خوارەوە:

- بەرەی بەشداری خەڵکی ئێران
- پارتی متمانەی نیشتیمانی
- ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی شۆرشی ئیسلامی ئێران
- کۆمەڵەی مەلا تێکۆشەرەکان
- پارتی ئیسلامی کار
- کۆمەڵەی هێزەکانی پەیرەوی هێڵی ئیمام
- پارتی خزمەتگوزارانی بونیادنان
- کۆمەڵەی مودەرسین و لێکۆڵەرەوەکانی حەوزەی علمیەی قوم
- ڕێگای سەوزی هیوا
- پارتی خەڵک سالاری
- پارتی یەکێتی گەلی ئێرانی ئیسلامی
- بانگی ئێرانیەکان

## دەرئەنجام

پێشبینی دەکرێت، لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەیەکی بەرچاوی دەنگدەران بایکۆتی پرۆسکە بکەن و رێژەی بەشداریکردن لەپرۆسەکەدا بەراورد بەهەڵبژاردنەکانی دیکە زۆر دابەزێت، بەتایبەت لەنێو ریزی دەنگدەرانی ریفۆرمخوازدا، بەشێکییان پێیان وایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان رونەو بەشداریی کردن لەپرۆسەکەدا رەوایەتیدانە بەرۆسەکەو بەکاندیدانی لایەنی بەرامبەر.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەنجامی گشت راپرسیەکان، پێشبینی ئەوە دەکرێت لەم هەڵبژاردنەدا، کێبرکێکە لەنێوان هەریەک لە (ئیبراهیم رەئیسی و عەبدولناسری هیمەتی)دا بێت. لەئێستاشدا تەنها بەربژێرێکی ریفۆرمخواز و دوو بەربژێری دیکەی پارێزگار بەرامبەر رەئیسی لە کێبڕکێکەدا ماونەتەوە. بەڵام گشت راپرسی و ئاراستەو دەرئەنجامە لۆکاڵی و ناوچەییەکان، ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن ئیبراهیم رەئیسی چانسی لەوسێ کاندیدەی رکابەری زیاترە بۆ ئەوەی سەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکاندا بەدەستبهێنێت و ببێتە هەشتەم سەرۆک لەمێژوی کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

## سەرچاوەکان


١. کۆمەڵێک نوسەر، دۆسیەی هەرێمی و نێودەوڵەتیە هاوچەرخەکان، ژوری توێژینەوەکان، چاپی ٢٠١٨ ، سلێمانی.
٢. جریان شناسی سیاسی ایران معاصر__ دکتر آیت الله مظفری –نشر پژوهشکده تحقیقات اسلامی__١٣٩٠ شمسی.

٣. سۆزان مالۆنی دەقی وەرگێڕاو بۆ فارسی؛
https://ir.voanews.com/persiannewsiran/iranelection-middleeastvoices
٤. داوا لە بەربژێرانی نەریتخواز دەکرێت لە قازانجی ئیبراهیم رەئیسی بکشێنەوە
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iran/160620211
٥. بەربژێرێکی ریفۆرمخواز لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئێران کشایەوە
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iran/16062021

٦. قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، سایت:
http://ketabnak.com/book/2620...
٧. پورتال ستاد انتخابات کشور – وزارت کشور، سایت:
https://moi.ir/fa/%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA/%D8%A7%D8%B7%D9%84%D8%A7%D8%B9%DB%8C%D9%87-%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D8%AF-%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA-%DA%A9%D8%B4%D9%88%D8%B1
٨. انتخابات ١٤٠٠ –وبگاه اختصاصی
https://entekhabat1400.com/
٩. وبگاه رسمی ریاست جمهوری ایران
http://president.ir/fa/president/functions
١٠. پورتال مرکز پژوهشهای مجلس شورای اسلامی
https://rc.majlis.ir/fa/news/show/1660560
١١. اصلاحطلبان از نظر خودشان هم تمام شدهاند
https://www.independentpersian.com/node/128876/%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%DB%8C-%D9%88-%D8%A7%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%B9%DB%8C/%D8%A7%D8
١٢. ابراهیم رئیسی
http://raisi.ir/page/biography
١٣. پورتال شورای نگهبان
https://www.shora-gc.ir/fa/
١٤. السباق الرئاسي الإيراني .. كل ما تحتاج معرفته عن الانتخابات
https://arabic.euronews.com/2021/06/11/iran-s-presidential-race-all-you-need-to-know-about-the-elections?fbclid=IwAR1G5osf5X_UMzMHfCLtYqD3SVlLnx3vomWDimPZW8E31UVVBctNiDbkI4Y
١٥. الانتخابات الرئاسية الإيرانية.. من هم المرشحون؟
https://www.almayadeen.net/news/politics/1485691/%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%B1%D8%A6%D8%A7%D8%B3%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9-%D9%85%D9%86-%D9%87%D9%85-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B1%D8%B4%D8%AD%D9%88%D9%86